
# پیاوێک لە ئاو

حەسەن نازدار



بەر لەوەی بگەمە لای ئەو پیاوە گوێم لە دەنگی یەکێک لەڕێبواران بوو، بەلامدا گوزەری کرد وئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و بەدەم خۆیەوە وتی ( ئیتر ماسیفرۆشەکان ئیسراحەت دەکەن، بەڵێ ئیسراحەت دەکەن) ئەم قسانەی ڕێبوارەکە بەتەواوی ڕایچڵەکاندم و هێزم دایە قاچەکانم و بەرەو ئەو قەرەباڵغییە ڕامکرد کە لە بازاڕی ماسیفرۆشەکاندا دروستببوو، دەستبەجێ دیواری قەرەباڵغییەکەم شکاند و تەرمی ئەو پیاوە تەواو سەراسیمەی کردم، تووشی جۆرێک لە حەپەسانی کردم و قوڕگم وشکبوو بە ئاستەم هەناسەم بۆ دەدرا، هەر لەو دەمەشدا بیری ئەوە هات بە مێشکمدا (( خودایە دەبێ کێ ئەم پیاوەی کوشتبێ؟ تۆ بڵێی خۆی نەمردبێ؟)) .

لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو ئەو ماسیفرۆشە بێڕەحمانەی کە هەموو ڕۆژێک بەدەم شەق و زللەوە لەوناوە دوریان دەخستەوە، هەموو دەستیان کرد بوو بەگریە و زاری، وابەسەر تەرمەکەدا دەگریان واتدەزانی عەزیزترین کەسیان لە دەستداوە و پیاو لەبەر ئەو فرمێسکە گەورانەی کە لە چاوەکانیانەوە دادەبارینە خوارەوە دڵی دەبووە ئاو، لەمەش سەیرتر من بووم، منیش گەورەترین ڕازی ئەم پیاوەم لا بوو، وە لە هەموویان زیاتر لێوەی نزیکبووم و هیچ جوڵەیەکم لێ نەبینراو وەک پیاوێکی بێدەم و زمان بە چاوە ئەبڵەقەکانم تەماشای تەرمەکە و خەڵکەکەم دەکرد، ئەو ڕۆژە من ببومە بێگانەترین کەسی ئەو پیاوەی کە تەنها سوکنای دڵی لای من بوو، خودایە ئەو ڕۆژەی من ئەو پیاوەم تیادا ناسی چۆن ڕۆژێک بوو؟ ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی خودا بەڵام لە هیچ ڕۆژێکی دیکەی نەدەچوو، چوون ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی

پرتەقاڵیی بوو، دونیا سەراپای ڕەنگی پرتەقاڵیی پۆشیبوو، پەیتا پەیتا خۆڵ دەباری و هەورەکانیش بە بێئەوەی فرمێسک لە چاوەکانیان داباریێ بە خێرایی بەسەر ئاسمانی شاردا گوزەریان دەکرد، ئەو ڕۆژە ئەم پیاوە بەلامدا بە پرتاو ڕایکردوو دوو پیاو لە دواوە هاواریان کرد ( مەهێڵە ئەو پیاوە ڕابکات، مەهێڵە ڕا بکات ،لەوە دەچێت خۆی بکوژێت) .

منیش بێئەوەی بزانم مەسەلەکە چییە زۆر سەرشێتانە دوایکەوتم و ئەویش تا دەهات هەنگاوەکانی گەورەتر دەکرد و سەیری ئاسمانی دەکردو بەو پەڵە هەورانەی کە دەستی یەکتریان گرتبوو دەیوت (سەفەرمەکەن ئازیزانم سەفەرمەکەن لێرە داباریێن، لەم زەوییە بە پیت و نەرمەڵانە، کە باوەشی دایکی خۆتانە )، من و ئەو پیاوە هێندە ڕامانکرد تا بە تەواوی لە شار دوورکەوتینەوە، چوون هێندە ئاگامان لە خۆمان نەمابوو وامانده‌زانی جەستەمان جێهێشتووەو بەڕۆح دەفڕین لە گەرمەی فڕیندا بووین یاخود بڵێم ڕاکردندا بووین، لە ناکاو پیاوەکە بە دەما کەوت و ئیدی هەڵنەستایەوە، کاتێکیش چوومە سەری هەموو گیانی خوێناوی بوو، بە جەستە خوێناوییەکەیەوە دەگریا و لە خودا دەپاڕایەوە (خودایە ئەو دڵۆپە بارانانە لە شوێنێکی ڕەقدا دانەکەن خودایە ئەم هەورانە بەرە بۆ شوێنێکی نەرمەڵان ).

منیش دوای پاڕانەوەکانی، بەبێدەنگی دەستیم گرتوو هەڵمساندەوەو بەرەو شار بەڕێکەوتین، کاتێکیش گەیشتینە دەروازەی شار دەستی لە دەستم کردەوە، ڕازێکی خۆی بۆ درکاندم، بەر لەوەش بەجێمبهێڵێت ڕوویکردە من و گوتی: «دڵنیام، دڵنیام تۆش پیاوێکی لەئاو، ڕۆژێک دەبیتە هەڵم و لەگەڵ هەورەکاندا سەفەر دەکەیت» ئەم پیاوە سەرەڕای ئەو زمانە شاعیرانە و دونیا ئەفسوناوییەی کە هەیبوو، هەمیشەیش ببووە پیاوی نێو حیکایەتەکانی خەڵکیی و هەرکەسەو بەجۆرێک لەبارەی دنیا پڕ ڕازەکەی ئەو دەدوان و هەتا لێشی نزیک بویتایەتەوە ئینجا هیچت لە نهێنییەکانی ژیانی ئەم پیاوە نەدەزانی، ئەگەر چایچییەکە بۆی نەگێڕامایەتەوە من هەرگیز نەمدەزانی لە نێوان حەوشەی ماڵەکەی ئەم پیاوەدا گەورەترین حەوزی ماسی هەیە، من سەرەتا وامزانی مەبەستی چایچییەکە حەوزەکەی ناو مزگەوتە کۆنەکەی گەڕەکەکەی سەرەوەیە، کە هەموو ڕۆژێک بەر لە نوێژ دەچووە سەری و گفتوگۆی لەتەک ماسییە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ناو حەوزەکە دەکرد و خواردەمەنی دەدانێ و دوای نوێژیش لە خودا دەپاڕایەوە کە وا لە دەرد و بەڵا بەدوریان بگرێت و هەندێجاریش بەدەم ئەو پاڕانەوانە لەسەر حەوزەکە خەوی لێدەکەوت تا سبەینێ هەڵنەدەستا، بەڵام چایچییەکە گوتی: نا مامۆستا، من باسی مزگەوتەکە ناکەم باسی ماڵەکەی دەکەم لەناوەڕاستی حەوشەی ماڵەکەیدا گەورەترین حەوزی ماسی هەیە، هەموو جۆرە ماسییەکی ڕەنگاو ڕەنگی تێدایە و زۆربەی کاتەکانی لەتەکیاندا دەگوزەرێنێ و خواردنیان دەداتێ و دەرمانی دژەنەخۆشییان بۆ دێنێ و هەریەک لەماسییەکانیش بمرێت ـ دووشەو، دوو ڕۆژخواردن لە خۆی حەرام دەکات و پیشەی دەبێتە گریان و زاری بەسەر ماسییە مردارە بووەکەوە و پاشان خۆی تەرمی ماسییەکە جوان دەشوات و دەیکات بەژێر خۆڵەوە، لە خودا دەپاڕێتەوە ئەوانیتری بۆ بهێڵێت، بێجگە لەمەش مامۆستا هەرچی پارەیەکیان دەدایە یاخود دەستیدەکەوت دەیدا بە قولاپ و تۆڕی ماسی گرتن و لە شوێنێکی چۆڵەوانیدا قولاپەکانی دەشکان وتۆڕەکانیشی دەسووتاند و بەدەم ئەو کاروانەشەوە دەیگوت: «ئەگەر دەریا بیزانیایە لە نێو دڵیدا ئەو هەموو تاوانە دەکرێت هەر جارێک ببوایەتە هەڵم چیدی نەدەگەڕایەوە سەر زەوی» من خۆم دەمزانی ئەم پیاوە کەسێکی دڵبریندارو جگەر سووتاوەو دەروونی شەقار شەقاربووە، بەڵام نەمدەزانی بۆ وا هەندێک لەو پیاوە دەترسان و هەمیشە لە خودا دەپاڕانەوە «خودایە بمانپارێزە لەو پیاوەی کە لە جنسی بارانە و سوێندی خواردووە هەرگیز ئاو نەخواتەوە» .

ئیدی شەڕی هەمیشەیی منداڵە ئاو فرۆشەکان با بوەستێ کەسینەمایەک بوو بۆخۆی، نازانم چۆن ئەو منداڵە چەتونانە دەیانزانی ئەم پیاوە سوێندی خواردووە تاماوە ئاو نەخواتەوە، لە هەر ئۆتۆمبیلێکدا ئەویان بدیایە دەستیان دەکرد بەهاوار هاواری ( وەرە بۆ ئاوی سارد، کەللەتەزێنە ئاوی ساردو خاڵە ئاوی سارد ناخۆیتەوە )) ئەویش تورە دەبوو دەیگوت (سەیری ئەم بەچکە کافرانە ناکەیت چۆن بۆ خاتری یەک دووعانە کاسبی بەجەستەی شیرینی نەوەکانمانەوە، دەکەن خودایە مەهێڵە وا بکەن، خودایە مەهێڵە وابکەن، مەهێڵە خۆیان بفرۆشن ئەوان بەشێکن لەئاو) بەدەم ئەم قسانەوە سووردەبووە و دەستی دەرکرد بەگریان و هەندێک لەسەر نشینەکانیشی پێدەکەنین، ئەو پیاوە سەر سپیەی کە لە پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەدا بوو گوتی ( بە خودا ئەم پیاوە خۆی ئاوە بۆیە ئاو ناخواتەوە، ئەرێ دیوتانە ئاو ئاو بخواتەوە بەدەم قسەی ئەم پیاوەوە پێکەنینەکەی ناو پاسەکەش بەرزتر دەبووەوەو هەندێکی تریش دەیانگوت: (خوایە گیان چەند شێتێکی خۆش و دڵناسکە).

بەناوبانگترین شەڕی ئەم پیاوە ئەو شەڕانە بوو کەلەتەک ماسیفرۆشەکانی شاردا دەیکرد، ڕۆژانە دەچووە لایان و لێیان دەپاڕایەوە ئەو ماسییانە پارچە پارچە نەکەن و دەست لەم کارە هەڵگرن، پاشئەوەی کە ماسیفرۆشەکانیش شەقبارانیان دەکرد لە شوێنی خۆیدا دەکەوتوو دەستی دەکرد بە گریان و بەدەم بینینی پارچە پارچەکردنی گۆشتی ماسییەکانەوە هێندە دەرشایەوە تا لە هۆش خۆی دەچوو، ئینجا چەند کەسێک بە چوارپەل هەڵیاندەگرتو دەیانخستە کەنارەوە تا هۆشی دەهاتەوەو بەدەم هاوارو ناڵەوە لەبەر چاو ون دەبوو، دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و ئێوارانیش دەچووە سەر ئەو ماڵانەی کە ماسییان دەبرژاندو لێیان دەپاڕایەوە تا جەستەی بلورینی ئەو ماسییانە بەئاگری حەزیان نەسووتێنن و مووە سپییەکانیان لە نێوان ددانەکانیاندا نەشکێنن و پێیدەگوتن «ئەوانیش وەک ئێوە مرۆڤن، ئەوانە هەمیشە کەسەکانی خۆتانن بۆ دەست لە کوشت و بڕییان هەڵناگرن» خاوەنماڵەکانیش دوای ئەوەی کەمێک گاڵتەیان پێدەکردو لەوناوە دەریان دەکرد و ئەویش بەگریانەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی و ئەوشەوەی بەتازیەباری بۆ ئەو ماسییە سووتاوانە بەسەر دەبرد، هەندێجاریش ئەو هەستەی کە هەیبوو دەگوازتەوە بۆ ئێمە و هەرکەسەشمان بە جۆرێک ڕقمان لەو ماسیفرۆشانە دەبووەوە، زۆربەی کات کەدەگەیشتمە لای ماسیفرۆشەکان و تەماشام دەکرد کە چۆن ماسیفرۆشەکە کێردەکەی دەستی لە لەشی ماسییەکە گیر دەکردو کرتەکرتەی شکانی پەراسووەکانی ماسییەکانم دەبیست، تەزوویەک بە گیانمدا دەهات و وناودەمم وشک دەبوو، بە ئاستەم هەناسەم بۆ دەدراو وامدەزانی ئەوە قرچە قرچی پەراسووەکانی خۆمەو بەدەم کێردەکەوە دەشکێن و لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، لە دڵی خۆشمدا دەمگوت «خۆزگە ماسیش وەک ئاو بوایە وهەرگیز لاشەی بریندار نەبوایە»

لە گەرمەی خەیاڵەکانی خۆم و چارەنووسی پیاوە مردووەکە دا بووم، قسەی ئەو منداڵەی کە بەدەست باوکیەوە بوو تەماشای دەمی ئەو ماسییە نیوە زیندووانەی دەکرد چۆن دەمیان دەکردەوە بە ئاگای هێنام، کاتێک کەبە باوکی وت «باوکە ماسی پێدەکەنێت؟»

باوکیشی گوتی «نا ڕۆڵە گیان ئەوە بۆ ئەو پیاوە دەگرین کە تۆزێک لەمەو بەر گیانی دەرچوو»

مناڵەکە گوتی «باوکە تۆ فرمێسکی ماسیت بینیوە؟» باوکی بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە توند دەستی ڕاکێشاو لە قەرەباڵغییەکەی دوور خستەوەو منیش بەچاوشوێن پێی هەنگاوەکانم هەڵگرت تا گەیشتنە لای ئەو دوکانە شیرینیفرۆشەی کە حەوزێکی گەورەی ڕەنگاو ڕەنگی بچووکی لەبەردەم دوکانەکەیدا دانابوو، منداڵەکەش وەک تەواوی ڕێبوارەکانیتر لەبەردەم حەوزەکەدا وەستا و چاوی بڕیە ماسییەکان و لەبەر خۆیەوە دەمی دەجوڵاند و نەمدەزانی چیدەڵێت، بەڵام لە دڵی خۆمدا گوتم

ئەگەر من لە جیاتی ئەو منداڵە قسەم بکردایە دەمگوت «ئەگەر ماسییەکان بیانزانیایە بەهۆی ڕەنگەکانیانەوە لە قەفەزێکی شووشەییدا زیندانی دەکرێن، ئەوا هەموو ڕۆژێک خۆیان لە ڕەشاییدا هەڵدەکێشا، بەڵام بڵێی چی ماسی دیلی ڕەنگە جوانەکانیەتی و مرۆڤیش دیلی پێستە ڕەشەکەی»

دەمویست لە باتی کوڕەکە قسەیتر بکەم، بەڵام وتو وێژ و بۆچوونی خەڵکەکە لەبارەی ئەم پیاوە وە دووبارە زنجیرەی خەیاڵەکانمیان پچڕاند و کوڕە حەماڵە دەنگ گڕەکەی پشتم بە دەنگی بەرز گوتی ( ئەمە کۆنە ماسیگری شارە و لە خەونیدا هەموو ئەو ماسیانەی کە لە ژیاندا ڕاوی کردوون پەلاماریان داوەو هەر کە خەبەری بووەتەوە بڕیاری داوە پاش لێخۆشبوون هەمیشە شیوەن بۆ ئەو ماسییانە بکات کە ڕاوی کردوون و داوای لێبوردنیان لێبکات) .

پیاوە ڕیشنە سەر شێتەکەی بەرامبەریشی لە وەڵامی ئەمدا گوتی: (( لێگەڕێن بابمرێت، لێگەڕێن، هەرگیز خودای ماسییەکان لێی خۆش نابێت هەرگیز )) بەبێئەوەی کەس سەرنجێکی باتێ بەدەم ئەم قسانەوە خەڵکەکەی جێهێشت و منیش لە شەن و کەوی قسە بێ سەر و بەرەکانی ئەواندا بووم تا هۆشم هاتەوە سەر خۆم، نە قەرەباڵغییەکەو نەتەرمەکە هیچیان لە وێدا نەبوون، تا بە ئامادەی تەرمەکە ڕازی ئەو پیاوەیان بۆ بدرکێنم و هەموو گومانەکان بڕەوێنمەوە، ڕازێک کە ئەم پیاوە خۆی بۆی درکاندم ئەو خۆی پێیگوتم (ئەو بۆیە بڕیاری داوە کە هەرگیز ئاو نەخواتەوەو بەرگری لە ماسی دەکات وا دەزانێ ئاوەکە فرمێسک و خوێن و ماسییەکانیش پارچە پارچە گۆشتی تاقانە کوڕەکەین کە لە سەفەرەکانی دەرەوەی وڵاتدا لە دەریایەکدا خنکاو تەرمەکەشی نەدۆزیەوە.

